بنەوای باوەڕی یارسان

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

45221

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بنەوای باوەڕی یارسان

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

ناراس
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ناراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. محەمەد عەلی سوڵتانی
بنەوای باوەڕی یارسان - لێکۆڵینەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٣
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٩٨ -
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح سالح
هەڵەبڕێری: نساران بورهان
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بازنەی ئیسلام و سنووری کوفر
لە روانگەی قورئانەوە

هەموو زانایانی بواری فیقهی ئیسلامی هەوڵی خۆیان خستووەتە پێناوی یەکڕیزی ئیسلامی و بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بەرهەمەکانیان ڕوون دەبێتەوە کە سەرلەبەری ئەو زانایانە باسی ئاسانبوونی پێکەوە ژیانی ناشتیانە دەکەن لە نێوان تاقم و لایەنە جیاجیا ئیسلامییەکاندا و کەلامی پیرۆزی قورئانیش بەردەوام داوای خۆ دوور خستنەوەمان دەکات لە مشتومڕی بێ ئەنجام و خۆ بەزلزانین کە دەبێتە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو ئۆمەتی ئیسلامدا.

وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ* إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ.

(سوورەتی هود، ئایەتەکانی ١١٨-١١٩)

واتە: ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە هەموو خەڵکی وەک ئۆمەتی خاوەن یەکڕیزی (بەبێ هیچ ناکۆکییەک) دادەنا، بەڵام ئەوان جیاوازییان پێکەوە هەیە مەگەر تەنیا ئەوانەی کەوتوونەتە بەر ڕەحمەتی خوا و ئەو مرۆڤی بۆ قەبوولکردنی ئەو ڕەحمەتە (ڕوو لە کاملبوون) ئافراندووە.

بەم پێیە جیاوازیی بیروڕا و تێگەیشتنی جۆراوجۆر لە پەیامی خوا لای تاقم و لایەنە جیاجیاکانی موسڵمان بریتییە لە ئیسلام، مەسیحی، جووەکە

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

و... بابەتێکی ئاساییە و دەگەڕێتەوە بۆ چەشنی بۆچوونی مرۆڤ و قورنانی پیرۆز بە ئاشکرا باسی دەکات:

وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلاَّ أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُواْ وَلَوْلاَ كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ.

(یونس، ئایەتی١٩)

(سەرەتا هەموو مرۆڤ یەک نۆمەت بوو هەمووان شوێنکەوتووی ئاینی خواپەرستی بوون، دواتر جیاوازییان تێ کەوت و ئەگەر فەرمانێک لەلایەن پەروەردگارتەوە (سەبارەت بەئازادیی مرۆڤ لە دنیادا و سزانەدانی خێرای ئەو) نەدەبوو، چی لە نێوانیاندا داوەریی دەکرد؟

ئەمڕۆ لە شیکاری و توێژینەوەکانی توێژەرانی بواری ئاینیدا سەرباری هەموو جیاوازییەکی بیروڕا و ڕەوتی ئەو گۆڕانەی کە لە ئاینەکانی جیهان و لەوانە بوودایی، هێند و سیک و... دا و لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا هاتووەتە ئاراوە، وەک دینی خواپەرست سەیریان دەکرێت، بەم پێیە بڕوا بە هەقبوونی ئاینە ئاسمانییەکانی و لەسەروویانەوە هەموو لایەنەکانی ئاینزا ئیسلامییەکان بابەتێکی ئاساییە و بیر و ئەندێشەی ڕاستگۆیانەی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی (ئەهلی حەق) بە پشتبەستن بە بەڵگەی بڕوا پێکراو کە لە خوارەوە دەخرێتە بەرچاو، ناکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئاینی خواپەرستی.

ئاینی ئیسلام بە ئاشکرا لە ئایەتی پیرۆزدا بە شوێنکەوتووەکانی خۆی دەفەرمێ لەگەڵ ئەهلی کتێبدا هەڵسوکەوتیان هەبێت و بە هەموو جیاوازیی بیروبڕوایان و ئەو گۆڕانەی لەبیروبڕواياندا هاتووەتە ئاراوە و بەو هەموو دەسکارییەی کە لە کتێبە ئاسمانییەکانیاندا و بۆچوونیاندا کراوە، نایانخاتە دەرەوەی بازنەی ئیمانداریەوە و بە موشریکیان نازانێت و حوکمی شیرک و کوفریان بۆ دەرناکات و بەگوێرەی ئەم ئایەتە دەفەرموێ:

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَ مَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَ مَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَ إِسْمَاعِيلَ وَ إِسْحَقَ وَ يَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَ مَا أُوتِيَ مُوسَى وَ عِيسَى وَ مَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ.

بڵێن (ئێمەی موسڵمان) بڕوامان بە خوا و بەو کتێبەی کە پێغەمبەرەکەمان هێنای و بەوەی کە بۆ ئیبراهیم نێردرا و بە هەموو ئەوەی لەلایەن خواوە بۆ پێغەمبەرەکانی هاتووە هێنا و جیاوازی لە نێوانیاندا دانانێن و هەرچی لای نەوەوە بێت بڕوامان پێیەتی و ملکەچی فەرمانی ئەوین.

(بەقەرە، ئایەتی١٣٦)

بڵێ ئەی ئەوانەی کە خاوەن کتێبن، با پەیڕەویی نەو رستەیە بکەین کە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا هاوبەشن (و هەموومان بە هەقی دەزانین) و (ئەویش ئەوەیە کە) جگە لە خوای تاک کەس نەپەرستین.

(ئالی عیمران، ئایەتی ٦٤)

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ.

(بە ئەهلی کتێب) بڵێن ئێمە بڕوامان بەو کتێبە ئاسمانییە هەیەکە بۆمان هاتووەتە خوار و بڕواشمان بەوە هەیە کە بۆ ئێوە هاتووەتە خوار و خوای ئێوە و ئێمە یەکێکە.

(عەنکەبووت، ئایەتی٦٢)

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحاً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ.

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ئەگــەر ئەهلی هــەق دوور بن لە هــەر چەشنە دووڕوویی و دووبەرەکی و تایبــەتمەندییــەکی خــراپ و بە دڵ بڕوایان بە یەکبوونی خوا و پێغەمبەرایەتیی محــەمەد و ویلایەتی هەتا هەتاییی مــورتەزەوی و مــەعــاد هەیە و بە ســەلێندرانی بیروبڕوای ئەهلی هــەق "یارسان" بۆچوونی ئەهلی سوننەت و زانایانیش لەســەر ئەو ئەهلی هــەقــانەی کــە لە تورکیــای عوسمانی و عێراقدا، عــەلەوی و کاکەییان پێ دەگوترێت، جــێگەی بایەخــە و ئیبنی تیمــیــیــەی حــەرانی، لەم بارەوە دەڵێت: رەوا نیــیــە تــەنیــا لەبەر پرسێکی وەک ناکــۆکــیی بیروبڕوایی لە نێوان ئەهلی قیبلەدا، هیچ موسڵمانێک بە کافر دابنرێت. حــەرامە مــەزهــەبێک، مەزهــەبێکی تر تــەکفیر بکات و خــوێنی پەیڕەوانی مــەزهــەبێکی تر بڕێژێ و مــاڵ و سامانیان تاڵان بکات. هەرچەندە کە لەو مــەزهــەبەشدا بە ئاشکرا بیدعەتێک ببینرێت.

(مجموعة الرسائل والمسائل، ب ۲، ل ۳۷۸)

چاپخانەی
هەولێر - کوردستان
Aras Press
Kurdistan - Erbil

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library